# ڕەشنووسی یەکەمی پرۆژە یاسای دامەزراوەی میدیایی بیندراو و بیستراو و سۆشیال میدیا لەهەرێمی کوردستان

لەهەرێمی کوردستان، سەرباری ژمارەیەکی زۆری کەناڵەکانی میدیا، تا ئێستا تەوژم و لێشاوی زانیارییەکان، بەکوالیتی نزم، بێ فلتەر و بەکەمترین ڕێکاری یاسایی و ڕێنوێنیە پیشەییەکان، ئاراستەی وەرگرو کۆمەڵگە دەکرێن. کەئەمە دەیان ئاستەنگی سیاسی و ئابوری و سەرئێشەی کۆمەڵایەتی و دەروونی لێکەوتۆتەوە. کەمیدیای کوردی پێویستە لەڕێگەی فلتەرکردن و ڕێ و شوێنی یاسایی و پرۆفیشناڵی پەیامەکانی بڵاوبکاتەوەو ناوەڕۆکەکەی بگەینێت و ڕێکی بخات.

میدیای کوردی لەئێستادا، بەشێکە لەتێکشکاندنی پەیوەندییە سیاسیی و کۆمەڵایەتی و ئابورییەکان و لەتوانایدانیە پێکەوە ژیانێکی سەردەمیانە بەووزەو هێزی میدیایی دروست بکات. بێ گوێدانە پرەنسیپە میدیا جیهانییەکان، زانیاری کوالیتی نزم و مەترسیدار پەخش و بڵاودەکاتەوە.

**ماددەی یەکەم:-**

پێناسەی دامەزراوەی میدیایی بیندراو وبیستراوو سۆشیال میدیا لەهەرێمی کوردستان: بریتیە لەو دامەزراوە رۆشنبیرییە میدیایانەی کە بەشێوەی بیندراو یان بیستراو یان لەڕێگەی پۆرتاڵ و ئەکاونت و پەیجە دیارەکان، پەخشی پەیامی میدیایی بۆ کۆمەڵگە دەکەن، چ لەسەر ئاستی ناوخۆیی بێت یان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بێت. کەخاوەنی کەسایەتیەکی مەعنەوی و یاسایی بن.

**ماددەی دووەم:-**

پۆلێنی دامەزراوەکانی میدیا (بیندراو بیستراو سۆشیال میدیا)، بەمەبەستی ڕێکخستنی خاوەندارێتی دامەزراوەکانی میدیا لەهەرێمی کوردستاندا، بەم شێوەیە پۆلێن دەکرێت:-

١-بەگوێرەی پەخش، لۆکاڵی و ئاسمانی دەگرێتەوە.

٢-بەگوێرەی خاوەندارێتی:-

- دامەزراوەی حزبی:- لەرێگەی کەسێکی مەعنەوی کە سەر بەپارتێکی سیاسی یە خاوەنداریتی دەکرێت.

- کەرتی تایبەتی:- لەرێگەی کەسێکی مەعنەوی یان کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەتەوە خاوەنداریتی دەکرێت.

- کەرتی گشتی:- کە لەلایەن دامەزراوەکانی حکومەت خاوەنداریتی دەکرێن.

٣- بەگوێرەی ناوەرۆکی پەیامی میدیایی:- هەواڵی، هونەری و هەمەرەنگ، مۆڤی و دیکۆمێنتاری، ئاینی، منداڵان، وەرزشی، زانستی و پەروەردەیی.

٤- بەگوێرەی پۆلێنی سۆشیال میدیا، پۆرتاڵی دامەزراوەکانی راگەیاندن و پەیج و ئەکاونتەکان دەگرێتەوە.

بەحوکمەکانی ئەم یاساییە، ناوەرۆکی کەناڵەکانی میدیایی بیندراو و بیستراو و سۆشیال میدیا رێک دەخرێن. لەدوای دەرکردنی شەش مانگ لەدەرکردنی رێنماییەکان خۆیان رێک دەخەنەوەو دامەزراوەکانیان پابەند دەکەن.

**ماددەی سێیەم:-**

هەموو دامەزراوەیەکی بیندراو و بیستراو، مەرجە ئەژمارێکی بانکییان لە بانکێکی هەرێمی کوردستاندا هەبێت. تاوەکو سەرچاوەکانی داراییان رۆشن و دیاربێت. هەروەها بودجەی ساڵانەی خۆیان رێک بخەن و پاپەندبن بەرێنماییەکانی چاودێری دارایی و دەستەی دەست پاکی لەهەرێمی کوردستان.

**ماددەی چوارەم:-**

لەکاتی سەرپێچیکردن لەناوەرۆکی دامەزراوەکانی میدیای بیندراو و بیستراو سۆشیاڵ میدیا، لێپێچینەوە یان بلۆککردنی(IP) و هەروەها راگرتنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تەنها لەدەسەڵاتی ئەنجومەنی باڵای میدیای دەبێت. ئەمەش لەرێگەی بڕیارەکانی ئەنجومەنی باڵای میدیا بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن و کۆمپانیاکانی (ISP) لەهەرێمی کوردستاندا.

**ماددەی پێنجەم:-**

بەحوکمەکانی ئەم یاساییە تەنها ئەنجومەنی باڵای میدیا، مافی دەرکردنی رێنمایی بۆ چۆنێتی تۆمارکردنی کەناڵەکانی بیندراو و بیستراو هەیە. لەچوارچێوەی دیسپلینەکانی ئەنجومەنی باڵای میدیا لەهەرێمی کوردستاندا.

**ماددەی شەشەم:-**

هەڵوێست وەرگرتن لەسەر هەر برگەو بابەتێکی ناوەرۆکی پەیامی میدیایی بیندراو و بیستراو و سۆشیال میدیا، تەنها لەرێگەی ئەنجومەنی باڵای میدیا لەهەرێمی کوردستان دەبێت، تاوەکو کاریگەری سلبی لەسەرکەمکردنەوەو سنوردارکردنی ئازادی و ئازادییەکانی رادەربڕین نەکات.

ماددەی حەوتەم:-

یاسای ژمارە ٣٥ی ساڵی ٢٠٠٧ هاوتەریب لەگەڵ برگەکانی ئەم یاساییە بەرکاردەبێت.

**ماددەی هەشتەم:-**

گشت دامەزراوەکانی بیندراو و بیستراو لەرێگەی رێنماییەکانی وەزارەتی رۆشنبیری تۆمار دەکرێن.

**ماددەی نۆیەم:-**

ئەم یاسایە لەرۆژنامەی وەقائعی کوردستان بڵادەکرێتەوەو دەبێتە یاسایەکی کارپێکراو.

**ماددەی دەیەم:-**

چوارچێوەی ناوەرۆکی پەیامی کارکردنی دامەزراوەی میدیای بینـدراو و بیسـتراو و سۆشـیال میـدیا لەهەرێمی کوردستان

- راستی و ووردی لەپێدانی زانیاری بۆ هاوڵاتی بەبەردەوامی لەکەناڵەکانی میدیا.

- دەرفەتـدانی وەڵامـدانەوە بەوەرگـر، لەرێـگەی پـۆزش هێنـانەوە یـان وەڵامـدانەوەی راسـتەوخۆو ناراسـتەوخۆ، یـاخود چوونەژێربـاڵی سـزای پێبـژاردن و وەسـتاندنی کەنـاڵی میـدیاکە، لەرێـگەی ئەنجومەنی باڵای میدیا.

- پاراستنی تایبەتمەندێتی و ژیانی تایبەتی کەسەکان، کە لەناورۆکی میدیاکان پەیرەو بکرێت.

- هەر بابەتێک هەراسانکردن و توندتیژی مەترسیدارو زمانی دژوارو بابەتە سێکسیەکان، پەخش و بڵاوبکاتەوەو بێ رەچـاوکردنی کات و تایبەتمەنـدی کەنـاڵەکە، دەرفەتێـک بـۆ سـکاڵای هاووڵاتیـان دەدۆزرێتەوە، بۆیە کەناڵەکانی میدیا پێویستە فۆکەس بکەنە سەر سنووری کارکردنیان.

- مـامەڵەکردن لەگەڵ بـابەتە لەناکاوەکـان و ئەوانەی سەرسـامی دروسـت دەکەن و ناخۆشـن، کارەسات ولافاو و تەقینەوەو بومەلەرزەو شەڕو بەریەککەوتنە سەربازییەکان.

- بەدروستی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو ناوەرۆکە میدیایانەی کە پەیوەستن بە منداڵان و ژنان.

- مـامەڵەی میـدیا لەگەڵ نەخـۆش و نەخۆشـخانەکان و گرتووخـانەو قوتابخانەکـان، لەرێـگەی بەرپرسی یەکەم و کەسانی پەیوەنداردابێت.

- میـدیا لەمـامەڵەکردنی لەگەڵ قوربانییەکـانی پێشـێلکارییەکان بەتـایبەتی لە پێشـێلکاریە سێکسییەکان، بەئاگاییەوە کار بکات.

- میدیا لەمامەڵەی لەگەڵ بابەتەکانی جیاکاری رەگەزی و نەژادی و تیرەیی، بێ لایەن و لۆژیکی بێت.

-وورژاندن و زیادەڕۆیی، بۆجولاندن و بەلاڕێدابردنی خەڵک و هاوڵاتیان، نابێت لەمیدیای بیندراوو بیستراو و سۆشیال میدیا، پەنای بۆ ببردرێت.

- دووركەوتنەوەی میدیای بیندراو و بیستراو و سۆشیال میدیا، لە دروستکردنی کۆنفلێکتی سیاسی و نانەوەی قەیران و دروستکردنی واتەوات و گەشی نارۆشن.

- میدیا و مامەڵەی لەگەڵ سەرچاوە تایبەت و شاراوەكان و دەرخستنی سەرچاوەی دارایی میدیاكان و پارەدان بۆ تاوانکاری، ئەرکی بەردەوامیان دەبێت.

**ماددەی یانزەم:-**

مەرجەكانی پەخشی میدیای بیندراو و بیستراو

١-هەموو پڕۆگرامەکانی بۆ هەموو ناوچەكانی هەرێمی کوردستان یان بۆ بەشێکی پەخش بکات.

٢-بەرنامەكان لەسەر بابەتی جیاجیا پەخش و بڵاوبکاتەوە.

٣-لەبەرنامەكاندا پەیڕەوی بنەماکانی دیموکراتی لەکوردستاندا بکرێت و رێز لەتاک بگیرێت و هێرش نەکرێتە سەر هێچ کەس و لایەنێک.

٤-ئەو ئاگاداریانەی لەلایەن حکومەتەوە بۆ هاووڵاتیان دەردەچن، كە خزمەت بە بەرژەوەندی گشتی هاوڵاتیان دەكات، دەبێ لەكاتی خۆی بەبێ بەرامبەر بڵاوبکرێنەوە.

**ماددەی دوانزە:-**

هۆیەكانی دەرکردنی ئەم یاساییە

١-دەستەبەرکردن و داکۆکیکردن لەمافی هاوڵاتیان لەگەیشتن بەزانیاری ووردو راست.

٢-هەنگاونان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی کوالیتی ناوەرۆکە میدیاییەكان، لەپەیام و پڕۆگرامەكان لەكەناڵەكانی راگەیاندن لەهەرێمی کوردستان.

٣-بەرزکردنەوەی ئاستی پیشەیی و هەستی بەرپرسیارێتی دامەزراوەكانی میدیا.

٤-پاراستنی ئاسایشی نیشتیمانی لەبواری میدیای ناوخۆو میدیای جیهانی کە لەکوردستاندا کار دەکەن.

٥- پشتگیری و هاوکاری و هەماهەنگیکردن لەگەڵ دامەزراوەکانی راگەیاندن، تا لەوێوە خزمەت بەوەرگر بگەینن.

٦- ئەو رێکخستنە یاساییانە بەگشتی دەبنە هەوێنی پێشکەوتن و گەشەی میدیا.

٧-دەبێتە بەرزکردنەوەی ئاستی مەعریفی خەڵک، چونکە زانیارییە کوالیتیە بەرزەکان لەناوەندەکانی میدیا دەنێردرێن.

٨- دەبێتە نەشونما بەژیانی دیموکراسی و دوورکەوتنەوە لە تانەو تەشەرو چوونە نێو ژیانی تایبەتی کەس و دامەزراوەکان.

٩- بۆ رێکخستنێکی سەردەمیانەی دامەزراوەکانی راگەیاندنە.

١٠- دەبێتە کەمکردنەوەی کێشە و گرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان، بەتایبەتی ئەو ئاستەنگییانەی کەلەرێگەی میدیاوە هاوڵاتی و حکومەت و پارتە سیاسییەکان تووشی زەرەرمەندی دەکات.

١١-پێشخستنی خۆبەرێوەبردن لەکەرتی رۆژنامەگەری و میدیا بەگشتی لەسەر بنەمای یاسا و گیانی دیموکراسیدا، هەروەها بەپیشەسازیکردنی میدیا.

١٢-فروانکردنی پانتاییەکانی ئازادی میدیا و ئازادی رادەربڕین.

١٣-دەستەبەرکردنی مافی دامەزراوەکانی راگەیاندن و میدیاکاران و خەڵک و دامەزراوەکانی تر.

١٤- دەرخستنی ئەرکەکانی دامەزراوەکانی میدیا بیندراو و بیستراو و سۆشیال میدیا لەسەر بنەمای ئیتیکی پیشەیی کاری رۆژنامەوانیدا.

**ماددەی چواردە:-**

قەدەغە کراوەکان لەدامەزراوەکانی میدیایی بیندراو و بیستراو و سۆشیال میدیا:-

یەکەم: لەهەموو بابەتێک ئازادە جیا لەم بابەتانەی خوارەوە نەبێت:-

١-ئەو بابەتانەی هاندانیان تێدابێت بۆ دووبەرەکی نانەوە لە نێوان توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی بەتایبەتی لەرووی نەژادی، نەتەوەیی، ئاینی.

٢- پەخش نەکردن و بڵاونەکردنەوەی ئەو بابەت و وێنانەی هانی کرداری توندوتیژی و تێرۆریستی و تاوان و تاوانکاری دەدەن. ڕێوشوێنی بۆ خۆش دەکەن و تین و توانای بۆ دابین دەکەن، یان جنێو و سوکایەتی بە کەس و کەسایەتییەکان بدەن، یان سوکایەتی بە دین و مەزهەبەکان و داب و نەریت و پێڕەو (سیستەم) ی گشتی و ئادابی گشتی کۆمەڵگە بکەن.

٣-وەرگرتن لە ناوەڕۆکی باس و بڵاوکراوەکان (بە جۆرێك، کە بە ئەنقەست و بە مەبەستی تایبەت بەشێك یان تەواوی بەرهەم و نووسراوی کەسانی تر بدرێتە پاڵ خۆ، یان کەسانی تر، تەنانەت ئەگەر بە وەرگێڕانیش بێت، بەبێ ئاماژەکردن بەسەرچاوە رەسەنەکەی.

٤- بڵاوکردنەوە و کۆپیکردنی دەنگ و فیلم و وێنە و نامەی تایبەتی یان هەر دکومێنتێکی تر کە کەسێك دەیداتە دەزگایەك وەك ئەرشیف بۆ، پاراستن، چاك کردن، لێکۆڵینەوە و کارکردنی خوێندکاران لەسەری.

٥- بڵاوکردنەوەی وێنەی رووتی مرۆڤ بەهەردوو رەگەزەکەیەوە یان ئەو بابەتانەی کە کاریگەری خراپی لەسەر پەروەردەکردنی کۆمەڵگە هەیە.

٦- بڵاوکردنەوە و پەخشی هەر بابەتێك بەبێ ڕەزامەندی خاوەن مافی بەرهەم (نووسەر، وێنە، دەنگ، میوزیك، نەخشە، بەرنامەی ئەلیکترۆنی، کۆپی کردنیCD ، فیلم، کاسێت...هتد.

٧- بڵاوکردنەوەی بەڵگە و دیکۆمێنت و فەرمانی نهێنی سەربازی و نهێنییەکانی لەشکری یان نەخشەی قەڵاو پێگە لەشکرییەکان لەکاتی شەڕ یان ئاشتیدا.

٨- بڵاوکردنەوەی دانیشتنەکانی نائاشکرای پەرلەمان و گفتوگۆی نائاشکرای دادگایی کردنی دادگاکان یان نهێنییەکانی لێکۆڵینەوە لە تاوانەکان یان لێکۆڵینەوەکانی سەرچاوەی ئاسایش لە هەرێم.

٩- بڵاوکردنەوەی ئەو باسانەی، کە لەکەدارن یان نهێنی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی ئاشکرا دەکەن.

١٠- بڵاوکردنەوەی ئەو بابەتانەی سیاسەتی ئابوری هەرێم و بەرژەوەندییەکانی گشتی دەخەنە مەترسی.

١١-ئاشکراکردنی نامە، تەلەگرام یا ئەو جۆرە دکومێنتانەی لە لایەن ئۆرگانەکانی حکومی بۆ پێداچوونەوە و چاك کردنی یا بۆ خوێندنەوەی نووسینەکە داندراون.

دووەم: هەموو ئەوکەسانەی زەرەرمەندن لەرووی مادی و مەعنەوی لە ئەنجامی پێشێلکردنی بڕگەکانی مادەی سەرەوە مافی بەرزکردنەوەی داوایان هەیە لەرێگەی ئەنجومەنی باڵای میدیا داوای قەرەبووکردنەوە بکەن.

سێیەم: ئەنجومەنی باڵای میدیا تایبەتمەندە به بەرزکردنەوەی سکاڵای گشتی و بەدواداچوونی لەبەردەم دادگا لە کاتی پێشێلکردنی بڕگەکانی ئەم یاسایە کە تایبەت بێت بە مافی گشتی.